# له ئه‌مریكا پێشوازیه‌كی گه‌رم له كۆنگره‌ی ئازادی عێراق كرا

## ڕێككه‌وتن له سه‌ر به‌ستنی كۆنگره‌یه‌ك بۆ رابه‌رانی بزووتنه‌وه‌ی كرێكاری له عێراق و ئه‌مریكا له ئایاری 2007دا

وته‌ی سمیر عادل سه‌رۆكی كۆنگره‌ی ئازادی عێراق له كۆنگره‌ی (كرێكارانی ئه‌مریكا له دژی شه‌ر) كه له سه‌ره‌تای مانگی 12-2006 دا به‌سترا، به شوور و شه‌وقێكی زۆر و به گه‌رمی پێشوازی لێكرا، ئاماده‌بووان چه‌ندین جار به چه‌پله‌ڕێزان و ته‌ئیید كردن قسه‌كانیان پی بڕی.

سمیر عادل به ده‌عوه‌تێكی ڕه‌سمی له لایه‌ن ڕابه‌ری ڕێكخراوی (كرێكارنی ئه‌مریكا له دژی شه‌ر)، ئاماده‌ی ئه‌و كۆنگره‌یه بوو. ئه‌م ڕێكخراوه 140 یه‌كێتی گشتی و نه‌قابه‌ی كرێكاری له‌خۆئه‌گرێت و نوێنه‌رایه‌تی زیاتر له 15 ملیۆن كرێكار ئه‌كات و ده‌وری گه‌وره‌ی گێراوه له هه‌لبژاردنه‌كانی ئه‌م دواییه‌ی كۆنگرێس وئه‌نجومه‌نی پیرانی ئه‌مریكا، له شكست پێهێنانی حزبی كۆماری وبه ده‌ست نه‌هێنانی زۆرینه‌ی ده‌نگه‌كان. شیاوی باسكردنه ڕێكخراوی ناوبراو كه به یه‌كێك له به‌هێزترین و گه‌وره ترین ڕێكخراوه‌كانی دژی شه‌ر له ئه‌مریكا داده‌نرێت، له ڕاگه‌یاندنێكیدا له مانگی حوزه‌یرانی ئه‌مساڵ، پشتیوانی و هاوكاری خۆی بۆ كۆنگره‌ی ئازادی عێراق ڕاگه‌یاندبوو. وه ئه‌م كۆنگره‌یه سێیه‌م كۆنگره‌ی ئه‌م رێكخراوه‌یه له دژی شه‌رله سه‌ر عێراق، كه به سه‌دان نوێنه‌ری یه‌كێتیه كرێكاریه‌كان له سه‌ر ئاستی ئه‌مریكا و هه‌روه‌ها نوێنه‌ری ده‌یان ڕێكخراوی دژی شه‌ڕ و داگیركاری عێراق، ئاماده‌ی بوون.

وه كۆنگره كۆمه‌ڵێك بڕیاری گرنگی په‌سه‌ند كرد بۆ ڕێكخستنی ڕیزه‌كانی بزووتنه‌وه‌ی دژی شه‌ڕ له سه‌ر عێراق و له‌ناویاندا بڕیاری پشتیوانی ته‌واو بۆ بزووتنه‌وه‌ی كرێكاری و ئازادیخوازی له عێراق، كه به كۆنگره‌ی ئازادی عێراق ده‌ناسرێت.

كۆنگره‌كه 3 ڕۆژی خایاند و له ڕۆژی دووه‌میدا خۆپیشاندانێكی به‌رفراوان ڕێكخرا، كه تیایدا سمیر عادل ووته‌یه‌كی پیشكه‌ش كرد وله ووته‌كه‌یدا ته‌ركیزی كرده سه‌ر شكستی حزبی كۆماری له هه‌لبژاردنه‌كانی ئه‌م دواییه‌دا و ده‌وری بزووتنه‌وه‌ی كریكاری و ئازادیخوازی له داهاتوودا. له هه‌مان ڕۆژدا سمیر عادل ووته‌یه‌كی 20 ده‌قیقه‌یی، پێشكه‌ش كرد له ته‌نیشت جۆن ڕاین سكرتێری ته‌نفیزی یه‌كێتی كرێكارانی باكور و كلایلۆ بڕاون سه‌رۆكی په‌یمانگای فیلیپ راندۆ وجۆن ویلیام سه‌رۆكی به‌شی كرێكارانی ته‌ندروستی و دینیس كۆجین ئه‌ندامی كۆنگرێسی ئه‌مریكی له ویلایه‌تی ئۆهایۆ و سیندی شیهان له ده‌زگای خێزانی ئه‌ستێره‌ی زێرین له پێناوی ئاشتی.

وه له ڕۆژی سێیه‌می كۆنگره‌ی ڕێكخراوی كرێكارانی ئه‌مریكا له دژی شه‌ر، سمیر عادل ۆرك شۆپێكی له سه‌ر میكانیزم و كاره‌كانی كۆنگره‌ی ئازادی عێراق پێشكه‌ش كرد، وه له سه‌ر دامه‌زراندنی هێزی ئه‌مان و سه‌ته‌لایتی كۆنگره‌ی ئازادی عێراق و ڕاكێشانی ڕابه‌رانی بزووتنه‌وه‌ی كرێكاری بۆ ناو كۆنگره‌ی ئازادی عێراق، بۆ ئاماده‌بوان دوا.

ئاماده‌بوان و به‌شدارانی كۆنگره‌كه به ته‌ئید و پشتیوانی ته‌واو له كۆنگره‌ی ئازادی عێراق، پێشوازیان له ئاماده‌بوون و له ووته‌كانی سمیر عادل سه‌رۆكی كۆنگره‌ی ئازادی عێراق كرد، وه له په‌راوێزی كۆنگره‌كه‌دا چه‌ندین چاوپێكه‌وتن و كۆبوونه‌وه ساز كران له سه‌ر كۆنگره‌ی ئازادی عێراق و ڕێگاكانو چۆنیه‌تی هاوكاری كردنی ماددی و مه‌عنه‌وی كۆنگره‌ی ئازادی عێراق.

وه كۆبوونه‌وه‌یه‌ك له نێوان سمیر عادل و ڕابه‌رایه‌تی " كرێكارانی ئه‌مریكا له دژی شه‌ڕ" به‌سترا و تیایدا باسی وه‌زعی بزووتنه‌وه‌ی كرێكاری له عێراق و ڕێگریه‌كانی به‌رده‌می وشه‌ری تائیفی، كرا. وه له‌و كۆبوونه‌وه‌یه‌دا ئیتیفاق كرا له سه‌ر به‌ستنی كۆنگره‌یه‌ك بۆ رابه‌رانی بزووتنه‌وه‌ی كرێكاری له عێراق و ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا و به به‌شداری نوێنه‌رانی وولاّتانی ئه‌وروپی و ئاسیایی و له‌و كۆنگره‌یه‌دا یه‌كخستنی ڕیزه‌كانی بزووتنه‌وه‌ی كرێكاری له‌م دوو ولاته، دژی شه‌ر و داگیركاری و به‌هیزكردنی هاوپشتی و هه‌ڵسه‌نگاندنی ڕێگریه‌كانی به‌رده‌م گه‌شه‌كردنی بزووتنه‌وه‌ی كرێكاری تاوتوی ئه‌كرێ و ڕێگا چاره‌یان بۆ ئه‌دۆزرێته‌وه.

وه به شێوه‌یه‌كی مه‌بده‌ئی مانگی ئایاری سالی داهاتوو دیاری كرا بۆبه‌ستنی ئه‌م كۆنگره‌یه له شاری عه‌ممانی پایته‌ختی وولاّتی ئه‌رده‌ن، و كۆنگره‌ی ئازادی عێراق ده‌وری به‌رچاو و زیندوو ئه‌گێریت له به‌ستنی كۆنگره‌ی ناوبراو.

**ناوه‌ندی ڕاگه‌یاندنی**

**كۆنگره‌ی ئازادی عێراق**

2006-12-05